گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا: 22، ژمارە: 1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 95 - 121، 2019
(ژمارەكا تایبەت)، سەنتەرێ ڤەكولینێن جینوسایدێ، زانكویا دهوك

# ئاكامە جوگرافییەكانی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی كورد ئەنفالی چوار وەك نموونە

هاشم یاسین حەمەدئەمین
بەشی جوگرافیا، كۆلیژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەرێمی كوردستان–عێراق

*(مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 30 كانوینائێكێ، 2019)*

## كورتی

تاوانی ئەنفال جۆرێكە لە بێزۆدانترین ومەترسیدارترین پرۆسە كە لە دەیەی هەشتەمی سەدەی بیستەم بەرامبەر بە نەتەوەیەكی ستەمدیدە وخێرلەخۆ نەدیو ئەنجامدرا كە نەتەوەی كوردە لە لایەن رژێمێكی رەگەز پەرست ودكتاتۆر بە ناوی رژێمی بەعس، ئاكامە نەرێنیەكانی ئەم تاوانە دڵتەزێن وقێزەوونە لە ساتی ئەنجام دانییەوە تاكو ئیمرۆ ولە داهاتووش دەبیندرێت لە سەر كۆمەڵگای كوردەواری لە رووی جوگرافی و ژینگەیی وكۆمەڵایەتی ودەروونییەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم تاوانە نەفرەت لێكراوە بە شێوازی جیاواز لە ساتەكانی ئاشتی و شەردا درندانە ئەنجامدراوە، هەر وەك رژێمە درندانە یەك لە دوایەكەكانی عێراق دژی نەتەوەی كورد ئەنجامی داوە لەو كاتانەی لە دانووستان وئاشتی دا بووە لە گەڵ نەتەوەی كورد یا لەو كاتانەی لە شەردا بووە. لە بەر ئەوە تا ئێستا ئەو برینە قووڵە لە دڵی كۆمەڵگای كوردەواری سارێژ نەبووە بە بەردەوام خوێنی لێدەتكێت بە تایبەتی ئەو ساتانەی ئەنجامدەرانی بە تەواوی دادگایی نەكراون و ئازادانە دەبیندرێن.

شاڵاوی ئەنفالی چوار ئەو پرۆسەیە بوو كە لە ٤/٣ مایسی ساڵی ١٩٨٨ دژی نەتەوەی كورد لە هەردوو بەری راست وچەپی زێی بچووك ئەنجام دراكە بەشێك لە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكانی چەمچەماڵ وناوەندی كەركوك ودوبز ودۆكان وكۆیەی گرتەوە ، و لە تەنها پێنج رۆژی خایەند. بەم شێوەیە نزیكەی (**٣٩٨٥**كم2) بەر شاڵاوەكە كەوت، و نزیكەی (2548كم2) راستەوخۆ بەر شاڵاوەكە كەوت، لە شاڵاوی ئەنفالی چوار ئەو گوندانەی كەوتنە چوارچێوەی شاڵاوەكە گەیشتە (٢٦٧) گوند. لەمانە نزیكەی(١٢٧) گوندیان راستەوخۆ بەر شاڵاوەكە كەوتن ئەنفال كران، ئەوەی تر هەندێكیان تەخت وویرانكران وهەندێكی تر سوتێندران و ئەوانی تر چۆڵكران لە دانیشتوانەكەی وتاڵان كران بە هۆكاری جیاوازەوە، لە گەڵ ئەوەش هەردوو گوندی گۆپتەپە وعەسكەر لە شەوی ٤/٣ مانگی مایسی ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن رژێمی عەفلەقی كیمیاباران كران، تەنها لە گۆپتەپە بە پێی سەرچاوەكان (١٠٠) كەس شەهیدكرا، و(٢٢٠)كەسی تر ژەهراوی وبریندار بوون[1]. و هەمان سەرچاوە ئاماژە بەئەوە دەكات كە ژمارەی شەهید وئەنفالكراوەكان لەسەرەتا دەست پێكردنی پرۆسەكە تا كۆتایی گەیشتە نزیكەی (٤١٦٨)شەهید وئەنفالكراو.

***كلیلی ووشەكان:*** *جینۆساید* Genocide ، *ئەنفال* :Anfal ، *ئاكامە جوگرافییەكان* :Geographic dimensions

## ١-١ پێشەكى

شاڵاوى ئەنفال ئەو پرۆسە كۆمەڵكوژییە بوو دژى نەتەوەى كورد ئەنجام درا لە 16 مانگى نيسانى ١٩٨٨. پرۆسەكە بەپێی ماددەی دوو لە پەیماننامەی(٢٦٠)ی رێكخراوى نەتەوە يەكگرتووەكانى ساڵى ١٩٤٨، بەشێكە لە جينۆسايد. وبە پێی برِیاری (٩٦) ساڵی١٩٤٦ ی هەمان رێكخراو بەربەند كرا، چونكە مافى مرۆڤ و بنەماكانى ياسا نێو دەوڵەتييەكان پێشێلْ دەكات و دەبەزێنێت، بەڵام لە پەیماننامەكەی ١٩٤٨ ئاماژە بەوە دەكات كە قەدەغەيە و ئەنجام دەرانى پێويستە سزابدرێن[٢].

گرنگی توێژینەوەكە خۆی لەوەدا دەبينێتەوە كە شيكردەوە ولێكدانەوە بۆ پرۆسەيەك دەكات كە بە هەموو پێوەرەكانى ئاسمانى وسەر زەوى نەفرەت لێكراوە بەرامبەر بە نەتەوەيەكى ستەمديدە ، لە هەمان كاتدا كەمی ئەنجامدانى توێژینەوە دەربارەی تاوانى كۆمەڵكوژی ئەنفال لە رِووى جوگرافی ئاكامەكانى.

توێژینەوەكە تيشك دەخاتە سەر ئاكامە جوگرافييەكانى پرۆسەی جينۆسايدى گەلی كورد لە باشوورى كوردستان وشاڵاوى ئەنفالی چوار، بە پشت بەستن بە داتا و زانيارى پەيوەندار، توێژینەوەكە هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانە بێنێتەدی و گرنگترينيان:

1- خستنە رِووی تاوانی شاڵاوی ئەنفالی چوار(گۆپتەپە – عەسكەر) لە سەر لايەنی جوگرافی وژینگەیی و ئابووری ناوچەكە، و ئاكامە جوگرافييەكانى پرۆسەكە.

٢- تيشك خستنە سەر هۆكارەكانى تاوانی ئەنفال لە رِووی ئەنجامدان ولايەنە نەرێنيەكانى ئێستا وداهاتووی پرۆسەكە و لايەنە ئەرێنييەكانى بە پێی بيرو بۆچوونى توێژەر.

٣- دروستكردنى داتابەيسێكى وورد وپوخت دەربارەی شاڵاوی ئەنفالی چوار، كە ئەم بەرو ئەو بەری زێی بچووكی گرتەوە لە نێوان هەردوو پارێزگای هەولێر وكەركووك.

ئەنجامدانى هەر توێژینەوەيەكى زانستى پێويستى بە رێبازێك يا چەند رێبازێك هەيە بە مەبەستى گەيشتن بە ئامانجەكانى. لەم رِوانگەيەوە توێژینەوەكە پشتى بەستووە بە هەردوو رێبازی مێژووی وشيكردنەوەی شوێنى بە پێی پێويستى تەوەرەكانى بابەتەكە، بە بەكارهێنانى سەرچاوەی پەيوەندار.

توێژینەوەكە ئەم گريمانانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:-


١- ئايا پرۆسەی شاڵاوەكانى ئەنفال بە گشتى و شاڵاوی ئەنفالى چوار بە تايبەتى پرۆسەيەكى پلان بۆ دارِێژراو بووە، ئامانجى قرِكردنى نەتەوەی كورد بووە؟

٢-پرۆسەی شاڵاوی ئەنفال وئاكامە جوگرافييەكانى نەرێيانە كاريان كردۆتە سەر دانيشتوان و ژينگەكەی ناوچەكە.

شوێن وكاتى توێژینەوەكە بريتيیە لەو شوێنانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی چوار كەوتوون، كە بەشێكى زۆری گوند وئاواييەكانى قەزای چەمچەماڵ وبەشێكى هەردوو قەزای ناوەندی كەركووك ودوبز لە پارێزگای كەركووك و ناحيەكانى قەزای كۆيسنجق (ناوەندی كۆيە – تەقتەق – شۆرِش – ئاشتى)، لە پارێزگای هەولێر نەخشەی (١)، بەم شيوەيە رِووبەری ناوچەكە نزيكەی(٣٩٨٥كم٢)يە، ونزيكەی(٦٤٪) ئەم رِووبەرە رِاستەوخۆ بەر شالاوەكە كەوتوون كە (٢٥٤٨كم٢)، و

لە هەمان کاتیشدا کاتی توێژنەوەکە بریتیە لە کاتی روودانی پڕاکتیکی تاوانەکە کە لە نێوان (٣–٨)مانگی مایسی ١٩٨٨ و ڕەهەند وئاکامە جیاوازەکانی دوای ئەنجام دانی پرۆسەکە.

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر چەند لایەنێك وەك لە پێکهاتەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو: سەرەتا پێشەکی وچەمکەکان لە خۆ دەگرێت ، ولە پاشان تیشك دەخاتە سەر شاڵاوی ئەنفالی چوار وهۆکارەکانی ئەنجامدانی، دواتر ئامانجەکانی شاڵاوی ئەنفال تاووتۆ دەکات، وئینجا ئاماژە بە جوگرافیای ئەو




**نەخشەی** (١) شوێنی ناوچەی توێژینەوە لە عێراق وهەردووپارێزگای کەرکوك و هەولێر).
کاری توێژەر بە بەکارهێنانی .ArcGIS v.10,3.

ناوچانە دەكات كە كەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفالی چوار، ولە پاشان گرنگترین ئاکامە نەرێنی و یەرێنییەکانی شاڵاوەکە دەخاتە بەر باس وشرۆڤەکردن، و لە کۆتایی توێژینەوەکە ئەو دەرئەنجامانە دەخاتە ڕوو کە پێیگەیشت وچەند پێشنیارێك پێشکەش دەكات بۆ ئەوەی سوود بە ئەنفالکراوان ونەتەوەی کورد بگەیەنێ

**١-٢ چەمكەكان:**

**١-٢-١- جینۆساید:**Genocide

پرۆسەی جینۆساید پێناسەی جۆراو وجۆری بۆ کراوە،لە سادە ترین پێناسەدا بریتییە لە:

کردارێکی دڕندانە ودڵڕەقانەی لەناوبردن وکوشتنی بە کۆمەڵ دەگەیەنێت، وهۆکاری ئەنجامدانی جیاوازە.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی ڕێکەوتننامەی جنێف لە بەندی دووەمی پەیماننامەی ژمارە (٢٦٠أ) ی خولی ئاسایی سێیەم لە ڕێکەوتی ١٩٤٨/٩/١٢، بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی جینۆساید کردووە[٣]:

بریتییە لە هەر کارێك بەمەبەستی لە ناو بردنی تەواو یان بەشێکی نەتەوەیەك یا کۆمەڵێکی ئەسەنی یا ڕەگەزی یا ئایینی یا نیشتیمانی ئەنجام بدرێت. و ئەم کردارانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت :

ا- کوشتنی ئەندامانی یا تاکەکانی کۆمەڵەیەك .

ب- ئازاردان ودەستدرێژی ترسناکی جەستەیی و گیانی وبیرو باوەری ئەندامانی کۆمەڵەیەك.

پ- ژێردەستکردنی کۆمەڵێك ڕاستەوخۆ بۆ ژیانێك مەبەست لە ناو چوونی ماددی تەواو یا نا تەواو (جزئی) کۆمەڵەکە بێت.

ت- گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند بۆ ڕاگرتنی کرداری منداڵ بوون .

ج- گواستنەوەی منداڵانی کۆمەڵەیەك بە بێ ئارەزووی خۆیان وپەیڕەو کردنی زەبری هێز بۆ کۆمەڵەیەکی تر .

**١-٢-٢- ئەنفال** Anfal **:**

ئەنفال زاراوەیەکی عەرەبی قورئانییە، هەشتەم سورەتی قورئانی پیرۆزە لە شاری مەدیینە دابەزییوە. لەئایەتی یەکەمی سورەتەکە خوای گەورە دەفەرموێت (یسئلونك عن الانفال قل الانفال للە والرسول...)، لە قورئاندا بە مانای ئەو کەل وپەل ودەستکەوتانە دێت لە جەنگی دژ بە بێباوەڕان دەستی بەسەردا دەگیرێت[٤] لە ڕووی زمانەوانییەوە کۆی زاراوەی (نفل)ە کە مانای دەستکەوت (الغنیمە)دەگەیەنێت، بە ئینگلیزی بەرامبەر( (Spoils )دێت.

تاوانی ئەنفالی گەلی کورد پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە لەوانە ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست( A Division of Human Rights Watch Middle East Watch,1993). بەم شێوەیە پێناسەی ئەنفال دەكات بریتییە لە [٥]:

زنجیرەیەك هێرش وپەلاماری چڕی سەربازی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ئەنجام درا لە لایەن سوپای عێراقی کە هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جیاواز لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە پاییزی هەمان ساڵ کۆتایی هات.

**١-٢-٣- ئاکامە جوگرافییەکان** Geographic dimensions:

مەبەست لە ئاکامە جوگرافییەکان ئەو دەرهاوێشتە وڕووداوە سروشتی ومرۆیی و ژینگەییانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی پیادەکردنی کردەیەك یا پڕۆسەیەك دەردەکەون، ومەرج نییە دەرهاوێشتەکان هەموویان لە یەك کاتدا دەرکەون، ڕەنگە هەندێکیان ڕاستەوخۆ

وهەندێكی تر دوای ماوەيەك وهەندێكی تر دوای ماوەيەكی زۆر دەربكەون، لە هەمان كاتدا ڕەنگە دەرئەنجامەكان ئەرێنی بن يا نەرێنی ، يا هەردووكيان.

١-٣ **چەمك وپێناسەی جينۆسايد** The concept and definitions of genoside:

چەمك وزاراوەيەكی سەردەمييانە بۆ پرۆسەيەكی درندانەی مێژوويی دێرين، چەمكی جينۆسايد Genocide لە بنەڕەتدا لە دوو بەش پێكهاتووە، ووشەيەكی لێكدراوە ووشەی Genos يۆنانييە، بە مانای ڕەگەز يان بنەچە دێت ، و بەشەكەی تری (Caedere)-Cide) ی لاتينييە كە بە واتای پاكتاوكردن ولە ناوبردن دێت. بە لێكدانی هەردوو زاراوەكە مانای پاكتاوكردنی وكوشتن و لەناو بردنی{قڕكردنی} ڕەگەزی مرۆڤ دێت(٦)

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم تاوانە لە سەردەمی شەڕو ئاشتيشدا پەيڕەو كراوە بە شێوازی جياواز لەلايەن ئەنجامدەرانی بە تايبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جيهان، زانا وياساناسی بەناو بانگ (رافايل ليميكن (Raphal Lemkin بە ڕەگەز پۆڵەندی وهاووڵاتی ئەمريكی(١٩٠٠ –١٩٥٩) ڕاوێژكاری وەزارەتی بەرگری وولاتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا ووانەبێژی زانكۆی ديوك ويلّ ئەمريكی، بۆ يەكەم جار زاراوەی جينۆسايدی لە كۆنفراسی مەدريد ١٩٣٣بەكار هێناوە. وە لە ١٩٢٤ لە نووسينەكانی بەكار هاتووە، وخێزانەكەی بە دەستی نازييەكان كۆمەڵكوژ كراوە ئەو ساڵی (١٩٤١)(٧) وليميكن ڕۆڵی كارای هەبووە لە سزا خستنە سەر تاوانكارانی جينۆسايد.

ڕێكخراوی نەتەوە يەكگرتووەكان لە ١٢/١١/ ١٩٤٦ بڕياری ژمارە ٩٦ی دەركرد كە جينۆسايد تاوانێكە دژی مرۆڤايەتييە وبنەماكانی ياسای نێودەوڵەتی دەبەزێنی ودژی بنەماكانی مافی مرۆڤ ورێكخراوی نەتەوە يەكگرتووەكانە، هەر بۆيە لەسەر ئاستی جيهان ڕيسواو مەحكووم كراوەو دەكرێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی كاريگەری هەبوو لە سەر بەربەندكردنی تاوانەكە بە تايبەتی لە پەيماننامەی ساڵی ١٩٤٨ كە پەيوەنديدار بوو بە قەدەغەكردنی تاوانی جينۆسايد و سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەكە (٨).

بە بيرو بۆچوونی توێژەر جينۆسايد :بريتييە لە تاوانێكی مرۆيی پلان بۆ داڕێژراو وئامادە كراو بە مەبەستی قڕكردن وكوشتوبڕ كردن وڕيشەكێش كردنی نەتەوەيەك بە تەواوی يا بەشێكی يا كەمينەيەكی (نەتەوەيی، ڕەگەزی ، ئايينی ، تائيفی ، ئيتنی ، سياسی ، مەزهەبی .... هتد) بە ئامراز وڕێگەی جياواز وەك (كوشتن ، ڕاگواستن ،زيندەبەچاڵكردن ،برسيكردن ، دەستدرێژی) و بە شێوازێك يا شێوازە جياوازەكانی ئەم تاوانە( جەستەيی ، كەلتوری ، ئابووری ، سياسی، دەروونی ، ياسايی ...هتد). بە هۆكاری جياواز ،و ئەنجامدەرانی چ حكومەت بێت يا پارتێك يا گرۆپێ ورێكخراوێكی دياری كراو .

لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كە جينۆسايد

١- تاوانێكە دژی مرۆڤايەتی ئەنجام دەدرێت ، بە مەبەستی قڕكردنی ئەندامانی كۆمەڵەيەك.

٢-مرۆڤ ئەنجامی دەدات بە شێوەيەكی پلان بۆ داڕێژراو.

٣- حكومەت يا ڕێكخراوێك يا پارتێك يا كۆمەڵە كەسێك ئەنجامی دەدەن.

٤- بە ڕێگەو جۆری جياواز ئەنجام دەدرێت.

٥- لە كاتی شەڕ و ئاشتيشدا ئەنجام دەدرێت.

٦- تاوانێكە لە پێش زايينەوە ئەنجام دراوە تاوەكو ئێستاش بەردەوامە وبەردەواميش دەبێت.

٧- هۆكاری ئەنجامدانی جیاوازە ( نەتەوەیی - ڕەگەزپەرستی - ئایینی - ڕامیاری - ئابووری - كۆمەڵایەتی - عەشایری - ڕۆشەنبیری - ئایدیۆلۆژی ...هتد )

**١-٤ چەمك وپێناسەی ئەنفال** The concept and definitions of Anfal:

زاراوە وچەمكی ئەنفال وەك ئاماژەمان پێكرد لە (نفل)ەوە هاتووە، كە دەستكەوتی شەڕ دەگەیەنێت، بەڵام مەرجە دەستكەوتەكە شتومەك ودژی بێباوەڕان و لە گۆڕەپانی جەنگدا بێت. ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ برواداریەتی وئاشتی خوازیەتی نەتەوەی كورد ناگونجێت. كەواتە تاوانێكی دڕندانەی نەفرەت لێكراوە لە لایەن ئایینە ئاسمانییەكان وكۆمەڵگای نێو دەولەتی و مرۆڤایەتی، چونكە پێشێلكردنێكی تەواوی مافەكانی مرۆڤە، لە بەرئەوە تاوانی ئەنفال خۆی لە ماددەی دووەمی یاسای بەربەندكردنی جینۆساید دەبینێتەوە، كە لە پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ ئاماژەی پێكراوە.

ناو نانی پرۆسەی جینۆساید كردنی گەلی كورد لەلایەن ڕژێمی بەعسی دڕندە بە ناوی ئەنفال بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە،(٩):

١- ڕوخساری ناشرینی خۆی خستنە پاڵ مێژووی موسڵمانان، خۆی وەك نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلام نیشاندەدات ،گەلی كوردیش بێباوەڕ و دوور لە ئیسلام ناساند.

٢- لە پەنای ئاینی پیرۆزی ئیسلام وپرۆسەی ئەنفالی بەرگێكی ئیسلامی خستە پاڵ كارە دڕندانەو داپلۆسێنەرەكەی، بە مەبەستی پاڵپشتی كردنی موسڵمان وعەرەبەكان و ڕای گشتی جیهانی وكۆمەڵگای نێودەولەتی.

٣- لە پاڵ ناوی ئەنفال هەست وسۆزی وولات وگەلانی ئیسلامی بۆ خۆی ڕاكێشا، بە مەبەستی كۆكردنەوەی هاوكاری وكۆمەك وپشتیوانی پرۆسە نامرۆڤاتییەكەی.

٤- بەخشینی گرنگی وقودسیەتی ئایینی بە پرۆسە ئابرووبەرەكەی ،كە گوایە پرۆسەكە بەرامبەر گەلێكی بێباوەڕ وبەكرێگیراو ئەنجام دەدات.

٥- لە ڕێگەی ناونانی پرۆسەكە بە ئەنفال مۆركی شەڕخوازی خستە پاڵ نەتەوەی كوردی موسڵمان و ئاشتی خواز وكێشە نەتەوایەتییەكەی.

٦- ڕژێمی بەعس مەبەستی بوو خۆی وەك سەركردەی موسڵمان بناسێنێ وئەنفالی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) دووبارە دەكاتەوە، ئەمەش لە هیچ ڕوویێكەوە لە یەكتر ناچن.

كەواتە دەستەواژەی ئەنفال كە بریتییە لە هەشت شاڵاوی نادادپەروەرانەی یاسایی وسەربازی دارو دەستەی ڕژێمێكی دڕندانەی وەك ڕژێمی بەعس شەڕخواز كە شەش ناوچە ودەڤەری جیاوازی كوردستانی گرتەوە، بە مەبەستی پاكتاوكردنی ڕەگەزی نەتەوەیەكی موسڵمان وئاشتی خوازی مرۆڤ دۆستی وەك نەتەوەی كورد. لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر پێناسە و ناساندنێكی پرۆسەكە لەلایەن پسپۆڕانی جیاوازەوە:

ئەنفال بە بۆچوونی (نەقشەبەندی): ئەنفال تەنها بریتی نییە لە هێرشە سەربازییەكانی ڕژێمی عێراق بۆ سەر گوندەكان وهێزی بەرگری كوردی. بەڵكو پەیڕەوكردنی سیاسەتێكی چەند لایەنەیە كە بە كاولكردنیهەزاران گوندی كوردی دەستپێكرد، كە دانیشتوانی دوای هێرشە سەربازییەكان بە چەكی كیمیاوی كیمیا باران كران وكۆكرانەوە و دەستیان بەسەردا گیراو بۆ كەمپە زۆرە ملێیەكان گوێزرانەوە و

لە پاشان بە شوازی جیاواز لە ناوبردران و کۆمەڵکوژکران بە پێی تەمەنیان [١٠].

بەڵام (گول) بەم شێوەیە پێناسەی ئەنفال دەکات و دەڵێت:

بریتییە لە زنجیرە هێرشێکی سەربازی لە ناوچەکانی کوردستان سوپای عێراق لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد وبە هەشت قۆناغ لە پایزی هەمان ساڵدا کۆتایی پێهات، [١١].

بەڵام بەبۆچوونی (دزەیی) ئەنفال : بریتییە لەپرۆسەیەك بۆ قڕکردنی کورد لە هەرێمی کوردستان، لە سەر بنەچەیی کورد بوونیان، بۆ شێواندن و تێکدانی دیمۆگرفیای دانیشتوان وسروشتی ناوچەکان،[١٢].

لە دەرئەنجامی ئەم پێناسانەی سەرەوە بۆچوونی توێژەر بۆ ئەم پرۆسە نامرۆییانە بەم شێوەیەیە:

بریتییە لە چەند کردارێکی دڕندانە ونامرۆڤانەی ڕژێمی دکتاتۆری بەعس کە پلان بۆ دارێژراو کاربۆکراو بوو دژی نەتەوەی کورد وهێزی پێشمەرگە لە کوردستانی عێراق،لە ڕێگەی هێزی سەربازی وتایبەت وگاردی نیشتمانی وخۆفرۆشە کوردەکان، کە شەش دەڤەری جیاوازی هەرێمەکەی گرتەوە، و بە هەشت قۆناغ جێبەجێ کرا، بە مەبەستی پاکتاوکردن وزیندە بەچاڵکردن ولە سێدارەدانی ڕەگەزیی نەتەوەی کورد، بە بەکارهێنانی هۆکاری جیاوازی کۆمەڵکوژی لە نێوان مانگی شوبات و مایسی ساڵی ١٩٨٨. و پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەم شاڵاوە دڕندانەیە بە ئاگاداری وبێدەنگی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی و وولاتانی ئیسلامی وهەرێمی ئەنجام درا.

**٢- هۆکارەکانی ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفالی چوار:**

جێگای ئاماژەیە تاوانەکانی ئەنفال گەلی کورد خۆی لە ماددەی دووی تاوانەکانی جینۆساید دەبینێتەوە، شاڵاوەکانی ئەنفال بە گشتی و شاڵاوی ئەنفالی چوار بە تایبەتی ڕژێمی دکتاتۆری عێراق پێش ئەنجام دانی ئامادەکاری تەواوی بۆکردبوو، بەپشت بەستن بە کۆمەڵێك هۆکار لەوانە (نەتەوەیی - ئابووری - ئایدیۆلۆژی - ڕامیاری - کۆمەڵایەتی)، وپلانی تۆکمەی بۆ ئەنجام دانی شاڵاوەکە داڕشتبوو لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧ - ١٩٨٨). ئامادە باشی تەواو کرا بوو بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە لە ڕووی ماددی ومەعنەوییەوە، دۆکۆمێنتەکان ئاماژە بە ئەنجام دانی پرۆسەکە دەکەن لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە. و پلانەکە خۆی لە (٣) قۆناغ دەبینیەوە[١٢]کە ئەمامەن:-

یەکەم:- دەست نیشان کردنی شوێنی ئەنفال کردن(گوندە کانی ئەنفال دەکرێن)، کۆکردنەوەیان لە شوێنی دیاری کراو(کۆمەڵگە زۆرەملێکان)، ئەمەشیان بەسێ قۆناغ جێبەجێ کرا ، کە بەم شێوەیە بوو:-

١-لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٨٧ دەستکرا بەدەستنیشان کردن و سەردانی کردنی ئەو ناوچانەی کە پێویستە پرۆسەی ئەنفالی زووتر تیادا ئەنجام بدرێت. ئەوەبوو لە(١٩٨٧/٤/٢١ دەستی پێکرد بۆ ١٩٨٧/٥/٢٠ ، هەرچەندە یاسای ڕاگوازتنی کوردان بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ١٣٩١ بوو لە ڕیکەوتی (١٩٨١/١٠/٢٠)[١٤]. بەڵام لە نیسانی ١٩٨٧ ئەنجامدراو دەستکرا بە گواستنەوەی دانیشتوانی ناوچە دەست نیشان کراوەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان، بە مەبەستی دەستبەسەر کردنیان لە هەر کاتێکدا بێت.

٢- هەر چەندە دەبوایە لە ١٩٨٧/٥/٢١ تا ٢٠/١٩٨٧/٦ دەستکرابا بە سووتاندن ووێرانکردن و تەختکردنی گوندەکان، بەڵام لە 6-1987/4/8(گوندی سمایل بەگی) یان ڕووخاند دواتر گوندەکانی(تۆراخ، دوبزنی، ناروجە...هتد)[15]،کە

نزيكەی (٢٦٧) گوندیان لە سنووری شاڵاوی ئەنفالی چواردا بوو.

٣- لە دەستدانی هەموو جۆرە خاوەندارییەكی ماڵ و سامان و لێسەندنەوەی مافی یاساییان دانیشتوانی ناوچە دەستنیشان كراوەكان بە پێی بڕیاری (٢٧١٣/١) ی ١٠ ی نیسانی ١٩٨٧.لە پاشان لە سێدارەدانی بە ناو تێكدەرانی كورد[١٦] .

٤-لە بەر شەڕی عێراق و ئێران پڕۆسەكە دوا خرا تا پڕۆسەی ئەنفال پەیڕەو كرا.

دووەم:- سەرژمێری كردنی ئەوانی دەبێت ئەنفال بكرێن ،ئەوە بوو لە سەرژمێری (١٧ تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٨٧) ئەو كەسانەی ئەنفال دەكرێن دیاری كران، ئەوانەن كە كوردن ونێرینەن وتەمەنیان لە نێوان (١٥ - ٥٠) ساڵی دایە، سەرەڕای كەس و كاری پێشمەرگەكان. كەواتە ئەوانەی دیاری كران گەنجن، چونكە ئەمانە بەشێكی زۆریان دەچنە نێو هێزی پێشمەرگە و هاوكاری پێشمەرگە دەكەن ئەمە لەلایەك و لەلایەكی تر ئەم گروپە تەمەنە هێزی ئابوورین دەستی كارن لە بواری ( كشتوكاڵ - پیشەسازی ... هتد)،ئەمانە لە سەرەتا دەستبەسەر كران بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید.

سێیەم:- ئامادەكردنی هێزی جۆراوجۆرو جیاواز وتایبەت ومەشق پێكراو لە هەولێر و بەغدا، بۆ ئەنجام دانی پڕۆسەی ئەنفال بە شێوەیەكی تۆكمە و تێروتەسەل، و ئەنفالی چوار لەشوباتی ١٩٨٨ دەستی پێكرد و لە سەرەتای مانگی ئەیلوول هەمان ساڵ كۆتایی پێهات .

**٣- ئامانجەكانی شاڵاوی ئەنفالی چوار:**

ئەنجامدانی پڕۆسەیەكی پلان بۆ داڕێژراو گومانی تێدانییە بۆ گەیشتنە بە چەند ئامانجێك، جا ڕەنگە ئامانجەكان هەندێكیان مەودا كورت بن وهەندێكی تر ناوەند وهەندێكی تر درێژ خایەن، لەم ڕوانگەیەوە ڕژێمی داپڵۆسێنەری بەعس شاڵاوەكانی ئەنفالی دژی نەتەوەی كوردی ئاشتی خواز ونیشتەجێ لەسەر زێدی باب وباپیرانی ئەنجامدا، بە بیانوی كوردبوونیان ودژایەتی كردنی سیاسەتی بەعس (ئایدیۆلۆژی) وئابووری وكۆمەڵایەتی وخۆبەڕێوەبردن وگەیشتن بە ئامانجەكانیان. ڕژێم ڕێگاو شێوازی جیاوازی گرتە بەر بۆ كۆمەڵكوژكردنی نەتەوەی كورد بۆ جێبەجێ كردنی ئامانجەكانی لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر گرنگترین ئامانج كە ڕژێمی بەعس هەوڵی جێبەجێ كردنی دا.

١- لاوازكردنی ودامركاندنی شۆڕشی سیاسی وچەكداری نەتەوەی كورد، كە جۆرێكە لە جینۆسایدی نەتەوەیی وسیاسی دژی نەتەوەی كورد، لە ڕێگەی درزخستنە نێوان چینەكانی دانیشتوان وهێزی پێشمەرگە بە گشتی وگوندنشینان وپێشمەرگە بە تایبەتی، چونكە ڕژێمی بەعس چاك دەیزانی لادێنشینەكان بنەچە وپاڵپشتی تەواوی هێزی ئازادی خوازی كوردن لە رووی ماددی ومەعنەوی لەلایەك و چوونە ناو هێزی پێشمەرگە لەلایەكی تر[١٦]. ئەمەش وای كرد ڕژێم هەر لە زووەوە بیر لەكۆمەڵكوژكردن وڕاگواستنی لادێنشینی گەلی كورد بكاتەوە بۆ شوێنە مەبەستەكان (ئۆردوگا زۆرەملێیەكان)، بە واتایەكی تر دابڕانی شۆڕشگێڕانی پێشمەرگە لە گوند وگوند نشینان. بەم شێوەیە ڕژێم نزیكەی (٤٧٥٠) گوندی وێران و تەختكرد لە گشت شاڵاوەكان ، بەڵام لە شاڵاوی ئەنفالی چوار گوندە وێران كراوەكان گەیشتە (٢٦٧)گوند، ژمارەی ئەنفالكراوەكانیش گەیشتە (٤١٦٨) ئەنفالكراو، خشتەی(١). لە یەكەكارگێڕییەكانی قەزاكانی سەنتەری كەركوك و چەمچەماڵ لە پارێزگای كەركوك و قەزای كۆیە، لە پارێزگای هەولێر. بەم شیوەیە ڕژێم

توانی درزێك لە نێوان هێزی پیشمەرگە ودانیشتوانی ناوچەکە دروست بکات وجێگای خۆی بکاتەوە ودانیشتوان بخاتە مەترسی وسەرقاڵ کردن بە دابین کردنی پێداویسەتییەکانی ڕۆژانەیان لە ئۆردوگاکان وئەمەش ئاسانکاری بوو بۆ ئەنجامدانی پرۆسە شومەکەی ئەنفال.

٢- کەمکردنەوەی ژمارەو ڕێژەی نەتەوەی کورد چ لە رووی ژمارەو یا ڕێژەی زیادبوونی سروشتی بە جێبەجێ کردنی جینۆسایدی بایەلۆژی وئابووری لە چوارچێوەی وولاتی عێراق بە رێگە وشێوازی جیاواز لەوانە کۆمەڵکوژکردنیان،لێکجیاکردنەوەو هەلوەشاندنەوەی خێزان وراگواستنیان وبەعەرەب کردنیان....هتد بە بەهانەی کورد بونیان ویارمەتی دانی هێزی پێشمەرگە وبوونی نەوت لەم ناوچانە، ئەمەش پلانێکی درێژ خایەنە. جێگای ئاماژەیە گشت سەرچاوە فەرمییەکان ونافەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەو ڕێژەی گوند نشیینەکان لەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر شالاوی ئەنفالی چوار زیاترە لە شارنشین، بۆ نموونە ڕێژەی گوندنشین لە ناحیەی ئاغجەلەر (٩٢٪) بووە لە ساڵی ١٩٧٧، بەڵام بە هۆی ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکە ڕێژەکان تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانە بونەتەوە لە چەمچەماڵ–ئاغجلەر ڕێژەی گوندنشین گەیشتۆتە (٢٨٪) و شارنشین گەیشتۆتە (٧٢٪) [١٧].

لەقەزای کۆیە ناحیەی تەقتەق ودێگەڵە ڕێژەی گوندنشین(٩٠٪ – ٩٦٪) بووە، ولەسەنتەری کۆیە نزیکەی (٦٥٪) بووە لە ساڵی ١٩٧٧، و ڕێژەکە گۆرانکاری بەر چاوی بە خۆوە بینیوە، ڕێژەی شارنشین نزیکەی(٩٧٪)، وگوندنشین (٣٪) تۆمارکراوە لە ساڵی ١٩٨٧ [١٨]. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونی کاریگەری پرۆسەکانی تەعریب وڕاگواستن وئامادەکارییە بۆ ئەنفالکردنی دانیشتوان و وێرانکردن وسووتاندنی گوندەکانی ناوچەکە،

٣- پاش سەرنەکەوتنی پرۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکووك وناوچەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕژێم بیری لە ڕێگەی تر کردەوە بۆ کەمکردنەوەی کورد لە ناوچەکە، چونکە سەرەڕای ئەو پرۆسە دژ بە مرۆڤایەتیانە لە بەعەرەبکردن وڕاگواستن هێشتا ژمارەی نەتەوەی کورد لە زێدی باب وباپیرانی زیاتربوو لە عەرەب، ئەمەش وایکرد ڕژێم هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە وشێوازی تر بەکاربهێنێت بۆ نەهێشتنی کورد ئەویش ئەنجامدانی پرۆسە شومەکەی ئەنفال بوو،

بەڵگەی خۆنەویستیش لەسەر ئەمە قسەکانی حەسەن علی مەجیدە کە لە کۆبوونەوەیەکیدا دەڵێت ڕژێم پارەیەکی زۆری بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە پارێزگای کەرکووك سەرف کردووە بەڵام تا ئێستا ژمارە وڕێژەی کورد زیاترە لە عەرەب، لەبەر ئەوە پێویستە بیر لە ڕێگەیەکی تری کەمکردنەوەی کورەدکان بکەینەوە، ئەویش ئەنفال کردنیانە [١٩].

٤- ئامانجەکانی تری پرۆسەی ئەنفال شیواندنی مێژوو وکەلتوری کوردەوارییە بوو، مەبەست تیایدا ناساندنی نەتەوەی کورد بوو بە جیهان وولاتانی ئیسلامی و هەرێمی وەك تێك دەرانی ئاسایشی عێراق ونەتەوەیەکی شەڕانگێز ودژ بە ئاشتی وپێشکەوتن، جا باشترین ڕێگە کۆمەڵکوژکردنیانە بە شێوازی جیاواز.

٥- هەوڵێکی تری ڕژێمی بەعس دروست کردنی دووبەرەکی بوو لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری ئەمەش جۆرێکە لە جینۆسایدی کۆمەڵایەتی دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجام درا، کە ڕژێم پلانی دارشت بۆ نانەوەی دووبەرەکی بە تایبەتی لە نێوان خێڵ وهۆزەکانی کوردەواری(سۆران و بادینان) لەلایەك وهێزی

شۆڕشگێری كورد و جاشە كوردەكان، لەبەر ئەوە جاشەكوردەكانی بادینانی هێنایە گەرمیان و سلێمانی و كەركووك وهەولێر و بە پێچەوانە جاشەكانی ناوچەی سۆرانی دەبردە بادینان بۆ نانەوەی تۆوی دووبەرەكی لە نێوانیان بۆ ماوەیەكی درێژ.

٦- رژێمی عێراق هەموو تواكانی خستە گەڕ بۆ درزخستنە نێو تاكەكانی خێزان بە مەبەستی تێكدانی شێرازەی خێزان وباری كۆمەڵایەتی ودەروونی تاكی كوردئەمەش بەشێكە لە جینۆسایدی كۆمەڵایەتی، لەهەمان كاتدا كاری كرد بۆ بڵابوونەوەی بێكاری وبەرزكردنەوەی دیاردەی هەژاری، لە ئەنجامدا وێرانكردنی ئابووری بەهێزی ناوچەكە بە گشتی و ئەوبەرو ئەو بەری زێی بچووك بە تایبەتی، ئەمەش ئامانجێكی تری رژێم بووكە بەشێكە لە جینۆسایدی ئابووری وبرسیكردنی دانیشتوانی ناوچەكە، بۆ ئەم مەبەستەش دارو دەستەی عەفلەقی دەستیان كرد بە سووتاندن و وێران كردنی زەوییە كشتوكاڵییەكان و ڕەز وباغی دانیشتوانی ناوچەكە، بۆ نموونە بەشی چەپی زێی بچووك خاوەنی زیاتر لە (١٣٧ هەزار)دۆنم زەوی شیاوی كشتوكاڵی بوو، وە بەشی لای ڕاستی زێیەكە (قەزای كۆیە) ڕووبەری زەوییە شیاوەكانی بۆ كشتوكال گەیشتۆتە (١٩٦٨٠٠) دۆنم. كۆی گشتی ڕووبەری زەوی كشتوكاڵی لەو ناوچانەی كەوتنە ژێر شاڵاوی ئەنفالی چوار گەیشتە(٣٣٣٨٠٠) دۆنم، وبەپێی داتاكانی كشتوكاڵی كەركووك (چەمچەماڵ وسەنتەری كەركووك) وپارێزگای هەولێر(قەزای كۆیە ) نزیكەی زیاتر لە (٦٤٪) كە دەكاتە نزیكەی (٢١٣٦٣٢)دۆنم بە بەروبوومی كشتوكاڵی جێندرابوو، لە هەمان كاتدا ڕووبەری ئەو زەویانەی وەك پاوان سوودیان لێوەردەگیرا لە ناوچەكە (١٦٥.٨٩)دۆنم بوو لە لای چەپی زێی بچووك، (٤٥٨٨٠٠) دۆنم لە بەشی ڕاستی زێی بچووك بە گشتی ڕووبەری پاوان ولەوەڕگاكانی وێرانكراوی ناوچەكە گەیشتە(٦٢٣٨٨٩)دۆنم. بێگومان ئەمەش كاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر سامانی ئاژەڵی ناوچەكە[٢٠] .

٧- تێكدانی ژێرخانی ئابووری ناوچەكە ئامانجێكی تری رژێم بوو كە بە جێبەجێ كردنی شاڵاوی ئەنفال سێكتەرە خزمەتگوزارییەكانی ناوچەكەی دارماندوو بۆ ئەوەی دانیشتوانی ناوچەكە لە رووی رۆشەنبیری وخوێندەواری وپێشكەوتن لە دواوەی كۆمەڵگای عێراق وناوچەكە دابن، خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە تێكدان وڕووخانی ژێرخانی ئابووری ناوچەكە، لە پاشان دەستكرا بە سووتاندن و خاپووركردنی خانووەكانی گوندەكان.

**٤- جوگرافیای ئەنفالی چوار:-**

ئەو شوێنانەی كەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفالی چوار ئەو گوند وئاواییانە بوو كەوتونەتە هەردوو پارێزگای كەركووك وهەولێر، بە تایبەتی ئەم بەر وئەو بەری زێی بچووك، لە باكوورەوە رێگای نێوان هەولێر وسەنتەری كۆیە و لە باكووری ڕۆژهەڵاتەوەش دەریاچەی دۆكان ودۆڵی خەلەكانە، ولە ڕۆژهەڵاتیشەوە ڕێگای كەركووك-چەمچەماڵ-بازیان پیرەمەگروونە، و لە باشووریش ڕێگای هامیلتۆنە لەكەركووك – پردێ، لە ڕۆژئاواوەش ڕێگای قوشتەپە- دێگەڵە تا چیای چێشكە، لە باكووری ڕۆژئاواوەش بەتەریبی لەگەڵ ڕێگای قوشتەپە – دێگەڵە درێژ دەبێتەوە لەگەڵ بەرزاییەكانی بنەباوی تا دۆڵی خەلەكان، نەخشەی ( ٢ ).


بەم شێوەیە ئەو ناوچانەی كەوتوونەتە ناو سنووری شاڵاوی ئەنفالی خاڵخاڵان (ئەنفالی چوار) ڕووبەرەكەی گەیشتە نزیكەی (٣٩٨٥)كم٢ ،بەڵام

ڕووبەری ئەو گوندو ناحیانەی بە پڕاكتیكی كەوتنە بەر شاڵاوەكە گەیشتە نزیكەی( ٢٥٤٨ )كم٢ [٢١]، بە ڕێژەی نزیكەی (٦٤٪) ناوچەكە.


ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی بەرزی ونزمییەوە دەكەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی، هەر چەندە لە باشوورەوە بەرەو باكوور بڕۆین بەرزی لە یاستی ڕووی دەریاوە زیاد دەكات، بە گشتی بەرزی ناوچەكە لە نێوان(٢٥٠ –١٤٧٢) مەترە. بە شێوەیەكی گشتی ناوچەكە لە یەكەی بەرزی و نزمی جیاواز پێكهاتووە، كەواتە بەشی باشوورو باشووری ڕۆژئاوای دەشتەكانی جۆلاك ویانەمانە وبەرزییان دەگاتە(٦٥٠) مەتر، لەهەمان كاتدا چەند بانێك لە خۆ دەگرێت گرنگترینیان بانی مەقانە كە بەرزییەكەی لە نێوان (٦٥٠ – ١٠٠٠)مەترە، ئەم دوو یەكەیەی ئاماژەمان پێكرد ڕووبەرێكی شیاوی و ئەو بەشەی كە دەمێنێتەوە كە بەرزییان لە١٠٠٠ مەتر زیاترە و لە (١٥٠٠)مەتر كەمترە سوودی لێوەرگیراوە بۆ ڕەزداری وئەوەی تر شیاوە وەك پاوان و لەوەڕگا، نەخشەی(٣).

ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی ڕەگەزەكانی ئاووهەواوە ناوچەكە بە گشتی زستانی سارد وباراناوییە وهاوینیشی گەرم و ووشكە. هەرچەندە لە باشووری ناوچەكە بەرەو باكوور بڕۆین پلەكانی گەرما دادەبەزێت، داتای وێستگەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە تێكڕایی پلەی گەرمای ساڵانە لە چەمچەماڵ (٦،١٩)پلەی سەدی تۆماركراوە، و(٢،١٧ – ٥،٢٠ – ٧،٢١) پلەی سەدی لە وێستگەكانی (بازیان – كۆیە – تەقتەق) یەك لە دوای یەك تۆمار كراوە، خشتەی(٣).

لە ڕووی باران بارینەوە ناوچەكە سستمی باران بارینی سستمی بارانی دەریای ناوەڕاستە بە گشتی لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەكەم دەست پێدەكات تا مانگی مایس. وتێكڕای بارانی ساڵانە لە ناوچەكە جیاوازە، هەرچەندە لە باشووریەوە بەرو باكوور و باكووری ڕۆژهەڵات بڕوین بڕی ساڵانەی باران زیاد دەكات، داتاكانی وێستگەی بازیان و كۆیە بڕی بارانی ساڵانە (٦٨٥ –٦٧٠)ملم تۆماركراوە، بەڵام لەوێستگەكانی (كەركوك– چەمچەماڵ – تەقتەق) بڕی



**نەخشەی(٢)** شوێنی جوگرافی شاڵاوی ئەنفالی چوار.
کاری توێژەر بە بەکار هێنانی ArcGIS v.10,3



نەخشەی(٣) بەرزی و نزمی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی چوار کەوتن
کاری توێژەر بە بەکار هێنانی ArcGIS v.10,3

**بارانی ساڵانە گەیشتۆتە(٣٤٦ – ٤٥١ –٤٧٩) ملم، خشتەی (٣).**

جێگای ئاماژەیە ناوچەی توێژینەوە ئاووهەوایەكی گونجاوی هەیە بۆ ئەنجام دانی كرداری كشتوكاڵ كردن بە هەردوو بەشی(ڕووەكی – ئاژەڵی)، لەبەر ئەوە ساڵانە بەرهەمی ڕووەكی زستانە و هاوینەو سامانی ئاژەڵی ورەزو باغەكان لە ناوچەكە بەشێكی زۆری لە پێداویستیەكانی دانیشتوانی ناوچەكەی دابین دەكرد ولە هەمان كاتدا بەشداری دەكرد بەشێك لە داهاتی دانیشتوان بە مەبەستی باشكردنی بژێوی ژیانیان، وهەلی كاری بۆ ڕێژەیەك لە دانیشتوان دابین كردبوو، لەبەر ئەوە ڕژێم یەكێك لە ئامانجەكانی ڕووخانی باری ئابووری دانیشتوانی ناوچەكە بوو، كە توانی لە ڕێگەی شاڵاوی ئەنفالی چوار تا ڕادەیەكی زۆر ئامانجە گڵاوەكانی بێنێتە دی.

لە ڕووی خاكەوە ناوچەكە خاكیكی بەپیتی هەبوو وشیاو بوو بۆ ئەنجامدانی كرداری كشتوكاڵكردن بە تایبەتی بەروبوومی زستانە وهاوینە، لە هەمان كاتدا ئەو زەوییانەی شیاو نەبوون بۆ كشتوكاڵ شیاو بوون بۆ بەخێوكردن و لەوەڕاندنی ژمارەیەكی زۆری ئاژەڵی مەڕ وبزن و مانگا...هتد. توێژینەوە جوگراهییەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە بەشی زۆری خاكی ناوچەكە لە جۆری قاوەییە بە ئەستوری جیاواز وشیاوە بۆ چاندنی زۆربەی بەروبوومە كشتوكاڵییەكان، لەگەڵ بوونی خاكی كەستەنائی ولیپۆسۆڵ و هەردەكان بە ڕێژەیەكی كەمتر. ڕژێمی عەفلەقی بە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی وچەكی قەدەغەكراوی تر تا ڕادەیەكی زۆر تایبەتمەندییەكانی خاكی ناوچەكەی تێكدا.

ناوچەكە لە ڕووی ئاوی سەرزەوی ئاوی ژێر زەوی دەوڵەمەندە، زێی بچووك بە ناوەڕاستی ناوچەكە تێدەپەڕێت، سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین چەمی وەرزی وبوونی كانی وكارێزی دەوڵەمەند بە ئاوی شیاو بۆ گشت پێداویستییەكان، ئەمەش كاریگەری تەواوی هەبووە لە سەر كشتوكاڵ وپێداویستییەكان وخزمەتگوزارییەكانی تر. لەبەر ئەوە ڕژێم دەستی كرد بە پڕكردنەوەی بیرو كارێزەكانی، سەرەڕای پیسكردن وووشككردنی كانییەكانی ناوچەكە.

بە هەمان شێوە ناوچەكە دەوڵەمەندە لە رووی ڕووەكی سروشتی،چونكە بە گشتی ناوچەكە بڕی بارانی ساڵانەی دەگاتە (٤٥٠)ملم ساڵانە، ئەمەش هۆكارێكی گرنگی سەركەوتنی كرداری كشتوكاڵییە ئەمە لەلایەك بەشیكی زۆری ناوچەكە ئەگەر كشتوكاڵیشی تیادا ئەنجام نەدرێت گەنجاو ترین شوێنە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەكانی ناوچەكە، سەرەڕای ئەوەش ڕووەكی سروشتی ناوچەكە هەندێكیان خۆراكی سروشتیین بۆ دانیشتوانی ناوچەكە و بەشەكەی تریش وەك ئالیكیكی سروشتی تەر سوودی لێوەردەگیرێت بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵان. ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەكان بە شداری دەكات لە بەرزكردنەوەی داهاتی جوتیارانی ناوچەكە، كەواتە بە سووتانی لەوەڕگاكان وڕووەكی سروشتی ناوچەكە لەلایەن ڕژێمەوە ڕاستەوخۆ كاریكردە سەر دابەزینی داهاتی دانیشتوانی ناوچەكە ولە هەمان كاتدا ژمارەیەكی زۆر لە سامانی ئاژەڵی لە ناوچوون بە تاڵان بردران، بێگومان ئەمەش ئامانجێكی گرنگی پرۆسەی ئەنفال بوو لەلایەن ئەنفالچیان.

پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەو ناوچانەی كە دیاری كرابوو ئەنفالی چواری تیادا ئەنجام بدرێت بە پێی توێژینەوە جیۆلۆجییەكان ناوچەیەكی دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی بە تایبەتی نەوت وگاز دانیشتوانەكەی كوردن لە بەر ئەوە ڕژێم بیری لەوە كردەوە دەست بەسەر ئەو ناوچەیە دابگرێت تەعریبی بكات كوردەكان

ڕاگوازێت تیایدا، ئەوە پرۆسە یەك لە دوای یەكەكانی ئەنجامدا (ڕاگواستن – تەعریبكردن – ئەنفالكردن).

لە ڕووی دانیشتوانەوە ناوچەكە گۆڕانكاری بەرچاوی بە خۆوە بینیوە لە ڕووی ژمارەو دابەشبوونی ژینگەیی وچڕی....هتد، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان كردووە، و لە ئاكامە دیمۆگرافییەكان زیاتر تیشكی دەخەینە سەر لە داهاتوو.

## 5- ئاكامە جوگرافییەكانی شاڵاوی ئەنفالی چوار:–

مەبەست لە ئاكام ئەو دەرئەنجامە ئەرێنی ونەرێنیانەیەی كردارێك یا هۆكارێك یا پرۆسەیەك یا سیاسەتێك یا بڕیارێكە لە دواییدا دەكەوێتەوە، كەواتە ئاكامە جوگرافییەكان ئەو دەرهاوێشتە جوگرافییانەن كە ڕەنگدانەوەی جوگرافییانەیان هەیە لە سەر ئەو ناوچەكە. جا ڕەنگە ئاكامەكان جیاواز بن و پەیوەندییان بە یەكەوە هەبێت و لە دەرجامی هۆكارێك یا كۆمەڵە هۆكارێك بێت، سەرەڕای ئەوە ڕەنگە ئاكامەكان ودەرهاوێشتەكانی ئەرێنی بن یا نەرێنی ڕاستەوخۆ دەرنەكەون دوای ماوەیەكی كورت، بەڵكوهەدنێكی تر ناڕاستەوخۆ یا دوای ماوەیەكی درێژ دەردەكەون.

جێگای ئاماژەیە هەرچەندە زام وبرینەكانی پرۆسە دڕندانەكەی ئەنفالی كوردستان بە گشتی و ئەنفالی گۆپتەپە وعەسكەر بە تایبەتی سارێژ نابێت، بەڵكو تا ئێستاش خوێنی لێدەتكێت لە ئەنجامی ئاكامە جوگرافییەكانی نەرێنییەكانی چێهێشتووە لە سەر كۆمەڵگای كوردەواری، بەڵام بە بیرو بۆچوونی توێژەر سەرەڕای ئاكامە نەرێنییەكانی هەندی خاڵی ئەرێنیشی هەبوو كە بە پۆزەتیڤانە شكایەوە بۆ دۆز و كێشەی نەتەوەی كورد لە پاشان ئاماژەیان پێدەكەم. لە خوارەوە تیشك دەخەمە سەر ئاكامە جوگرافییە نەرێنییەكان وئەرێنییەكانی پرۆسەكە.

### ١-٥ ئاكامە نەرێنییەكان:–

### 5- 1-1 ئاكامە دیمۆگرافییەكان:

ئاكامە دیمۆگرافییەكان یەكێكە لە دیارترین دەرهاوێشتە جوگرافییە نەرێنییەكانی پرۆسەی ئەنفالی چوار، چ لە ڕووی كەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان بێت یا دابەزینی چڕی وگەشەی سروشتی دانیشتوانی ناوچەكە یا خود دابەشبوونی ژینگەیی (شارنشین – لادێنشین)، لە خوارەوە گرنگترین دەرئەنجامە سلبییەكان دەخەین ڕوو:–

١–پرۆسەی ئەنفال كاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر كرداری دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان (شارنشین – گوندنشین)، بۆ نموونە ڕێژەی لادێنشین لە ناحیەی ئاغجەلەر (٩٢٪) بووە لە ساڵی ١٩٧٧، بەڵام بە هۆی ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەكە ڕێژەكان تا ڕادەیەكی زۆر پێچەوانە بونەتەوە لە چەمچەماڵ–ئاغجلەر ڕێژەی گوندنشین گەیشتۆتە (٢٨٪) و شارنشین گەیشتۆتە (٧٢٪) لە ساڵی ١٩٨٧[٢٢].

لە قەزای كۆیە ناحیەی تەقتەق و دێگەڵە ڕێژەی گوندنشین(٩٠٪ – ٩٦٪) بووە، و لەسەنتەری كۆیە نزیكەی (٦٥٪) بووە لە ساڵی ١٩٧٧، و ڕێژەكە گۆڕانكاری بەر چاوی بە خۆوە بینیوە، ڕێژەی شارنشین نزیكەی(٩٧٪)، وگوندنشین (٣٪) تۆماركراوە لە ساڵی ١٩٨٧[٢٣]. ئەمەش ئاماژەیەكی ڕوونی كاریگەری پرۆسەكانی ڕاگواستن وئامادەكارییە بۆ ئەنفالكردنی دانیشتوان و وێرانكردن وسووتاندنی گوندەكانی ناوچەكە.

٢- كەمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان لە ئەنجامی لێك جیاكردنەوەی خێزان(ژن و مێرد) وكەمبوونەوەی پرۆسەی پێكهێنانی خێزان. داتاكانی گەشەی دانیشتوان ئاماژر بەوە دەكەن كە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی كۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ (1.8 ٪) بووە، بەڵام بە شێوەیەكی بەرچاو كەمیكردووە تا گەیشتۆتە (-1.6٪) لە ساڵی ١٩٨٧، [٢٤].

٣- لەئەنجامی ئەودوو هۆكارەی سەرەوە ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی كەوتبوونە ژێر شاڵاوی ئەنفالی چوار كەمبوونەوەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە وسەرەڕای دابەشبوونیان وچڕییان بە شیویەكی نا هاوسەنگ و ناڕێك، بۆ نموونە ژمارەی دانیشتوان قەزای كۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ گەیشتۆتە نزیكەی (٤٨١٢٧)كەس، بەڵام ژمارەكە لە ساڵی١٩٨٧ كەمبۆتەوە بۆ (٤٠٧٤٧) كەس، ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەزاكە بە نێگەتیڤ بووە وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێكراوە.

٤- تێكدانی هاوسەنگی ڕەگەزی ( نێر – مێ) لە ئەنجامی شونبزركردنی پیاوان و لە سێدارەدانیان كوشتنی ئافرەتی دووگیان، هەتككردنیان، ئەمەش ڕۆڵی كاریگەری هەبوو لە سەر كەمبوونەوەی پێكهێنانی خێزان( نوێ – دووبارە) بە تایبەتی دوای پرۆسەكە.

٥- تێكدانی هاوسەنگی نەتەوەیی لە ناوچە ئەنفالكراوەكان، بە تایبەتی لەم بەر و ئەوبەری زێی بچووك، ئەمەش بە ڕوونی هەستی پێدەكرێت لە كاتی ئامادە كردنی نەخشەی دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچە ئەنفالكراو وكیمیاباران وڕاگواستراوەكان و بە عەرەبكراوەكان، ئەمەش هۆكاری زیادبوونی ژمارەو ڕێژەی عەرەبە وكەمبوونەوەی كوردە.

**٥-١-٢ ئاكامە ژینگەییەكان:**

لایەنێكی تری ئاكامە نەرێنییەكانی شاڵاوی ئەنفالی چوار تێكدانی ژینگەی ناوچەكە بوو، كە بە ئاكامە ژینگەییەكان دەناسرێت، ڕژێم كاری كرد لەسەر گۆڕینی ژینگەیەكی شیاو بۆ ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر بۆ ژینگەیەكی نەشیاو پاش وێرانكردنی گوند و پڕكردنەوەی كانیاو بیرو كارێزەكان وسوتاندنی دارستانەكان و داڕمانی ژێرخانی ئابووری ناوچەكە وتێكدانی زەوییە كشتوكاڵییەكان وسووتاندنیان. لە خوارەوە تیشك دەخینە سەر چەند لایەنێكی تێكدانی ژینگەیی ناوچەكە.

١- تێكدان وپیسكردنی تایبەتمەندییەكانی فیزیائی وكیمیائی خاكی ناوچەكە.دوای وێرانكردنی وسووتاندنی زەوییە كشتوكاڵییەكان و بەكارهێنانی چەكی قەدەغەكراو وەك چەكی كیمیائی لە هەردوو گوندی گۆپتەپە وعەسكەر، كە بووە هۆی پیسبوونی خاكی ناوچەكە.

٢- تێكدانی تایبەتمەندییەكانی ئاوی(سەر زەوی – ژێر زەوی) ناوچەكە، لە ئەنجامی بەكارهێنانی چەكی كیمیائی وقەدەغەكراو، سەرەڕای كۆنكریت كردنی سەرچاوەی كانییەكان و كارێزەكانی ناوچەكە كە نزیكەی (١٢٧) كانی و كارێز و پڕۆژەی ئاو بوو.

٣- پیسكردنی هەوای ناوچەكە ئەگەر بۆ ماوەیەكی كاتی ودیاریكراویش بێت، سەرەڕای تێكدانی جوانی ژینگەی سروشتی ناوچەكە.

٤- تێكدانی ڕووپۆشی ڕووەكی ناوچەكە (گژوگیا – دارستان)، لەناوبردنی ئاژەڵ و پەلەوەڕەكانی ناوچە ئەنفالكراوەكان وڕاگوێزراوەكان. كە سامانێكی سروشتی گرنگی ناوچەكەن. لە ئەنجامدا نزیكەی (٦٢٣٨٨٩) دۆنم پاوان و لەوەڕگای سروشتی لەم بەر وئەو بەری زێی بچووك لە ناو چوون وتێكدران

وسوتێندران. سەرەڕای لە ناوچوونی دەیان هەزار سەر مەڕومالآت و مانگای دانیشتوانی ناوچەکە.

**5- 3-1 ئاكامە ئابوورییەكان:**

لە هەمان كاتدا سێكتەرێكی گرنگی ناوچەكە تووشی دارمان هات ئەویش سێكتەری ئابووری بوو، لە ڕووی ( كشتوكاڵ – پیشەسازی – گواستنەوە وبازرگانی وژێرخانی ئابووری ناوچەكە ). لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لەو ئاكامانە دەكەین:–

١– هۆكارێكی كاریگەر بوو لە سەر كەمبوونەوەی بەرهەمی كشتوكاڵی ناوچەكە و دەوروبەری لە ڕووی لایەنی ڕووەكی وئاژەڵی، چونكە زیاتر لە(٣٣٣٠٠٠) دۆنم شیاو بوو بۆ كشتوكاڵ ونزیكەی (٦٤٪)ی ئەم ڕووبەرە بە بەروبوومی ڕووەكی چێندرا بوو، ئەم ڕووبەرە بەتەواوەتی وێران كرا، لە هەمان كاتدا نزیكەی(٦٢٤٠٠٠) دۆنم لە پاوان و لەوەڕگاكان سووتێندران، بێگومان ئەمەش كاریگەری ڕاستەوخۆ ونەرێنی هەبوو لە سەر سامانی ئاژەڵی لە ڕووی بڕ وجۆرەوە لە هەمان كاتدا كاری كردە سەر بڕ وجۆری بەرووبومی ئاژەڵی لە ناوچەكە.

٢— ئەنفالچییەكان دەستیان كرد بە لەناوبردنی ئاژەڵ و پەلەوەرەكان ومێشی ناوچە ئەنفالكراوەكان، و تێكدانی ژینگەی كشتوكاڵی ناوچەكە، سەرەڕای تالانكردنی ئامێرە كشتوكاڵییەكانی ناوچەكە (ماتۆڕی ئاو – تراكتۆر – دەڕاسە ..هتد).

٣– پەكخستنی پیشەسازییە دەستییەكانی ناوچەكە، هەرچەندە پیشەسازی سادە و ساكار بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەش كاری كردە سەر بەشێك لەداهاتی دانیشتوانی ناوچەكە.

٤– لە ناوبردنی ڕێگاكانی هاتووچۆی ناوچەكە، هەرچەندە زۆر پێشكەوتوو نەبوون، ئەمەش كاری كردە سەر پچڕانی پەیوەندی نێوان لادێكان لەلایەك وسەنتەری شار وشارۆچكەكان ولاوازكردنی پرۆسەی بازاڕكردن.

٥– تێكدانی ژێرخانی ئابووری ناوچە ئەنفالكراوەكان، بە مەبەستی بڵاوبوونەوەی هەژاری وبێكاری ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەیە لە سەر باری ئابووری دانیشتوانی ناوچەكە، چونكە زۆربەی دانیشتوانی ناوچەكە خەریكی كاری كشتوكاڵین ودابین كردنی بژێوی ڕۆژانەیان بەندە بە كشتوكاڵ كردن یا خود بەخێو كردنی ئاژەڵ (ماڵات – پەلەوەر – مێش هەنگوین).

٦– تێكدانی تایبەتمەندییەكانی ئاوی(سەر زەوی – ژێر زەوی) ناوچەكە، ئەمەش كاری كردە سەر كرداری كشتوكاڵی ناوچەكە.

٧– لە شاڵاوی ئەنفالی چوار (١٢٧) گوندی ناوچەكە بەر شاڵاوی ئەنفالی چوارلە ڕۆژی (٣ تا ٨ /٥ ساڵی ١٩٨٨، و(١٤٠) گوندی تریش ڕووبەڕووی ڕاگواستن بووەوە، ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی دانیشتوانی ناوچەكە لە مرۆڤی بەرهەمهێنەوە بگۆڕێن بۆ مرۆڤی بەكاربەر، ئەمەش كاریكردە سەر باری ئابووری دانیشتوانی ناوچەكە، لەهەمان كاتدا گرانی وبێكاری لە نێو شار شاروچكەكان چەندیین كێشەی كۆمەڵایەتی وخزمەتگوزاری دروست كرد.

**5- 1-1 ئاكامە سیاسی و جیۆپۆلەتییەكان:**

لایەنێكی تری جوگرافی وجیۆپۆلەتیكی كە كەوتە بەر نەعلەتەی پرۆسە شومەكەی شاڵاوی ئەنفالی چوار، ئەویش لایەنی سیاسییە، كە لەم خاڵانە دەیان خەینە ڕوو:–

١– لەناو بردنی پیاوان(ڕەگەزی نێر) وەك هێزی دەستی كار ،كەواتە هەژاركردنی خێزانەكان ودروست بوونی

بێكارى كەواتە ئاسايشى نەتەوەيى دەكەوێتە ژێر مەترسى. لە هەمان كاتدا هۆكارێكە بۆ تێكدانى يەكپارچەى نێومالّى كورد.

٢- بێهێزكردنى هێزى پێشمەرگە لە دەرئەنجامى ئەنفالكردنى گەنج و لاوى كورد لەلايەك، نەمانى هێزى پالّپشتى بۆ پێشمەرگە لەلايەكى تر.

٣- وێرانكردنى گوند و ئاواييەكانى ناوچەكە بەماناى وێرانكردنى ئابوورى ناوچەكە دێت وەك ووتراوە ئابوورى وسياسيە دوو ڕووى يەك دراون، كەواتە ڕووخاندنى ئابوورى بە ماناى كەم كردنەوەى قورسايى سياسى، كەواتە ڕووخانى ئابوورى ،جا بەمەبەستى دابين كردنى بەشێكى زۆرى خۆراك دەبێت پشت بە وولّاتى عێراق وهەرێمى ببەستين ئەمەش وا دەكات بكەوينە ژێر كاريگەرى سياسەتى عێراق وولّاتانى دەوروبەر).

٤- پڕۆسەى ڕاگواستن و شالّاوى ئەنفال هۆكار بوو بۆ كۆچكردنى ژمارەيەكى زۆرى دانيشتوان بۆ دەرەوەى وولّات، ئەمەش لە ڕووى سياسيەوە كاريگەرى نەرێنى هەيە لە سەر ئێستاوداهاتووى دانيشتوانى ناوچەكە.

سەرەڕاى ئەم ئاكامانە نەرێنيانەى ئاماژەمان پێكردچەندين ئاكامى تر سەريان هەلّدا كە پەيوەند بوو بە جوگرافياى شار وخزمەتگوزارى، كە لەم چەند خالّەى خوارەوە دەيانخەينە ڕوو:-

١- گۆڕانى سيماى شارەكان، دروستبوونى دياردەى بەگوندبوونى شارەكان.

٢- سەرهەلّدانى بێكارى و هەژارى و دياردەى سوالّكردن بە شێوەيەكى بەرچاو لە شارەكان.

٤- دروستبوونى كێشەى جياواز لە نێو شار وشارۆچكەكان (كۆمەلّايەتى – ئابوورى – دەروونى – هاتووچۆ – كەلوپەلى خۆراكى – خزمەتگوزارى ...هتد.

**٥-٢ ئاكامە ئەرێنييەكانى شالّاوى ئەنفالى چوار:-**

شالّاوەكانى ئەنفال بە گشتى و ئەنفالى چوار بە تايبەتى ژان وبرينێكە زەحمەتە سارێژ ببێت لەگەلّ هەر بيركردنەوەيەك خوێنى لێدەتكێت ودەكولێنەوە، لەگەلّ سالّيادەكان ونەبوونى سۆراغى شونبزرەكان وبێسەرو شوێنەكان وئەنفالكراوان زامەكان نوێدەبنەوە. بەلّام لەگەلّ ئەوەش توێژەر ڕەنگە بە پێچەوانەى ئەو توێژەر و نووسەر وكەسانەى توێژينەوەيان ئەنجام داوە لە سەر پڕۆسە شومەكەى ئەنفال تەنها تيشكيان خستبێتە سەر لايەنە نەرێنييەكەى ئەم پڕۆسە نەفرەت لێكراوە،

لەگەلّ هەموو لايەنە نەرێنيەكانى شالّاوى ئەنفال لە قڕكردن ووێرانكردن وسوتاندنى گوند وزەوى كشتوكالّى وكيميابارانكردن وكۆمەلّكوژ كردنى نەتەوەى كورد، ڕەنگە بتوانين بلّێين ئەنفال سەرەڕاى بوونى دەرهاوێشتە نەرێنييەكان ئەم لايەنى ئەرێنيانەى تيادا بەدى دەكرێت، لە خوارەوە تيشك دەخەينە سەر خالّە ئەرێنييەكانى پڕۆسەكە:-

١-بەهێزتركردنى هەستى نەتەوايەتى لاى تاكى كورد، دواى ئەنجام دانى شالّاوى ئەنفالێ كورد بە گشتى و ئەنفالى چوار بە تايبەتى.

٢- كۆمەلّكوژ كردنى نەتەوەى كورد بە بێ جياوازى ڕەگەز ولايەنى سياسى هۆكارێكى بەهێز بوو بۆ لێك نزيك كردنەوە ويەككگرتنەوەى هێزە كوردييەكان، بۆيان دەركەوت كە هێزە كوردييەكان يەك دوژمنيان هەيە ئەويش ڕژێمى بەعسە، بە بيرو بۆچوونى توێژەر دروست بوونى بەرەى كوردستانى ئاكام ودەرهاوێشتەى پڕۆسەى ئەنفال بوو وەك يەكێك لە هۆكارەكانى.

٣- شالّاوەكانى ئەنفال ڕۆلى كاريگەرو بەهێزى هەبوو لە پالّپشتى كردنى هاونيشتمانانى كورد بۆ هێزى پێشمەرگە بە بێ جياوازى.

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا: 22، ژمارە: 1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 95 - 121، 2019
(ژمارەكا تایبەت)، سەنتەرێ ڤەكولینێن جینوسایدێ، زانكویا دهوك

٤- سەرەڕای ڕوودانی ئەم خاڵانەی سەرەوە گرنگترین ئاکامی ئەرێنی کە لە ئەنجامی کارە دڕندانەکەی هێزی داپلۆسێنەران هاتە دی ڕوودانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١ بوو دژی هێزی داگیرکەر وویرانکەری گوند وئاوایییەکانی کوردستان.

**6- دەرئەنجام وپێشنیاز:-**

**٦-١ دەرئەنجام:-**

توێژینەوەکە پاش تەواو کردنی گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

١- ئەنفال بە پێی ماددەی دووەمی پەیماننامەی ژمارە (٢٦٠)ی ساڵی ١٩٤٨ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، قەدەغەکراوە وئەنجامدەرانی سزا دەدرێن، کەواتە ئەنفال بەشێکە لە جینۆساید. هەرچەندە تاکو ئێستا بە نێو دەوڵەتی نەکراوە، وئەنجامدەرانی سزا نەدراون.

٢- دەرهاوێشتە وئاکامەکانی جوگرافییەکانی شاڵاوی ئەنفالی چوار هەندێکیان ڕاستەوخۆ دەرکەوتن، وەك: کۆمەڵکوژ کردن وتێکچوونی دیمۆگرافیای ناوچەکە، سووتان وویرانکردنی خانوو و ڕووبەرێکی فراوانی زەویە کشتوکاڵییەکان،ودزینی ماڵ سامانی دانیشتوان، وسەرەڕای دزینی سامانی ئاژەڵی وپەلەوەری وتێکدانی ژینگەیی ناوچەکە. وهەندێکیان پاش ماوەیەکی تر دەرکەوتن وەك تێچوونی باری ئابووری و بڵاوبوونەوەی بێکاری وهەژاری ودابەزینی بەپێزی ئافرەت وزیادبوونی سروشتی و گشتی دانیشتوان، وەك ئاماژەی پێکراوە کە ڕێژەی زیاد بوونی سروشتی دانیشتوان (-٦،١) تۆماکرا. وهەندێ ئاکامی تر دوای ماوەیەکی درێژ دەرکەوتن وەك تێکچوونی شێرازەی خێزان وگۆڕینی مرۆڤی بەرهەم هێن بۆ بەکاربەر سەرەڕای ئاکامی کۆمەڵایەتی ترو دەروونی وکەلتووری.

٣- ژمارەی شەهید وئەنفالکراوەکانی ئەنفالی چوار گەیشتە (٤١٦٧)کەس، و ڕاگواستنی زیاتر لە (٨٠) هەزارکەس و وێرانکردنی (٢٦٧) گوند، کە (١٢٧) گوندیان ڕاستەوخۆ لە نێوان (٣ تا ٨ مایسی ١٩٨٨) بەر شاڵاوەکە کەوت.

٤- توێژینەوەکە دەریخستووە کە (٣٣٣٨٠٠) دۆنم زەوی کشتوکاڵی بەر شاڵاوەکە کەوتن و سووتێندرا وویران کرا، کە نزیکەی (٢١٣٦٣٢) دۆنم بە بەروبوومی زستانە چێندرابوو، لە هەمان کاتدا (٦٢٣٨٨٩) دۆنم زەوی پاوان ولەوەرگا وێرانکران کە ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر سامانی ئاژەڵی لە ناوچەکە، و بە هەزاران سەر مەڕوماڵات و ڕەشەووڵاغ دزران و لە ناو بردران.

٥- شاڵاوەکە ڕاستەوخۆ ونەرێنیانە کاریگەری هەبوو لەسەر ژێرخانی ئابووری ناوچەکە کە بووە هۆی ڕووخانی (١١٦) قوتابخانەی سەرەتایی وناوەندی، و(١٥)بنکەی تەندروستی، و (١٢٣) مزگەوت، و(١٢٧) پرۆژەی ئاو....هتد.

٦- سەرەڕای ئاکامە جوگرافییەکان،شاڵاوەکە هۆکاری بڵاو بوونەوەی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی وئابووری ودەروونی وتەندروستی بوو.

**٦-٢ پێشنیاز:-**

توێژەر بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:-

١-بەگڕخستنەوەی هەوڵە ناوخۆییەکان و دەرەکییەکان بۆ بە نێودەوڵەتی کردنی جینۆساید وئەنفالی کوردان و دانان پێدانانی لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ.

٢- هەرچەندە دادگای عێراق شاڵاوەکانی ئەنفالی لە (٢٠٠٧/٦/٢٤) بە جینۆساید ناساندووە، بەڵام زیان لێکەوتوان قەرەبوو نەکراونەتەوە نە لەڕووی ماددی نە

مەعنەوی. لەگەڵ ئەوەش ومادەدەکانی (٢١٩ – ٢٣١)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە(٤٠) ی ساڵی ١٩٥١، زیان لێکەوتووان دەتوانن داوای قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانیان بکەن لە دادگا شارستانییەکانی عێراقی، وە هەروەها ماددەی(١١٢) ، برگەی (١) لە دەستووری هەمیشەیی عێڕاق، ماددەی (٢٢) لە دادگای باڵای تاوانی عێڕاقی دەتوانن سکاڵا لە سەر تاوانباران تۆمار بکەن دەربارەی قەرەبووکردنەوەی زیاننەکانیان.

٣- پاڵەپەستۆ خستنە سەر ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بە مەبستی کردنەوەی سەنتەری نێودەوڵاتی تایبەت بۆ یارمەتی دانی دەروونی و تەندروستی و ئابووری دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ڕووبەڕووی شاڵاوەکانی ئەنفال بوونەتەوە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی وبەرکەوتووانی شاڵاوی ئەنفالی چوار، وهەرچەندە لایەن حکومەت و هاونیشتیمانیان وناساندنی وەك کارەساتێکی نەتەوەیی.

٦-کارکردن بۆ دوو بارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە کۆمەڵکوژییانە جارێکی تر لە چوارچێوەی عێڕاق و هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان.

سەنتەری نێوەخۆ هەیە بەڵام بایەخی تەواوی پێنەدراوە وتوانای دیاری کراوە ولە ئاستی پێویستی ئەنفالکراوان وکەسوکاریاندا نییە.

٤- بە پێی هەموو یاسا ئاسمانییەکان ودرێژراوە مرۆییەکان کۆمەڵکژی قەدەغەیە وپێویستە ئەنجامدەران ویاردەدەران و پلان بۆ داڕێژەرانی سزا بدرێن، بەڵام جێگا داخە دادگا نێوخۆییەکان دەسەڵاتی سزادانی ئەنجامدەران ویاریدەدەران وپلان بۆ دەڕێژەرانی نییە، بۆیە داوا دەکەم ئەم گروپە بدرێنە دادگا نێو دەوڵەتییەکان و دادگایی بکرێن و سزای پێویست وەربگرن.

٥- هەوڵدان بۆ بە نەتەوەیی کردنی شاڵاوەکانی ئەنفال ومەنەتییەکانی تری نەتەوەی کورد.

## سەرچاوەکان:-

**1**- شاخی،مەلا، (٢٠٠١)،ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپخانەی داناز، چاپی یەکەم، سلێمانی.

**2**- تاڵەبانی، نوری، (٢٠٠٢) بە نێونەتەوەیی کردنی کارەساتی ئەنفال،گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

**3**-International Encyclopedia (1972) , v.no.

**4**- مخلوف، الشیخ محمد حسنین محمد،(١٩٨٢)، صفوه البیان لمعانی القرأن، الطبعة الثالثة، المطبعة غیر معروفه.

**5**-R.G. Grant, (2000), Praten over Genocide,vert.Uit Engels.

6- عبدالوهاب، حومد، (١٩٧٨)، الاجرام الدولی، الطبعة الاولی، مطبعة جامعه الکویت، الکویت. و دزەیی، یوسف، (٢٠٠١) ئەنفال،کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**7**-Encycolpedia Americana. (1978) vol. 12, New York.

**8**- صدیق،عبدالرحمن، (٢٠٠٢) ئەنفال لە ڕوانگەی ئیسلامەوە،گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**9**- نەقشەبەندی، ئازاد محەمەدئەمین، (٢٠٠٢)، پرۆسەکانی ئەنفال وچەند تیبینییەك و سیما سەرەکییەکانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**10**- گولێ مارف عومەر، (١٩٩٧)، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەولەتاندا، چاپی یەکەم، چاپخانە نییە، ئەمستردام.

**11**- دزەیی،یوسف،(٢٠٠١)، سەرچاوەی پێشوو.

**12**–MEW, (1993), Genocide in Iraq. The Anfal Campaign Against the Kurd, Middle East Watch, A division of Human Rights Watch, New York.

–کتێبەکە کراوە بە کوردی لە لایەن: عەزیز، جەمال میرزا (۲۰۰۰)، عێراق و تاوانی جینۆساید، شاڵاوەکانی ئەنفال دژی کورد، رێکخراوی چاودێری ماف مرۆڤ خۆرهەڵاتی ناوەراست، بەرلین.

**13**– محەمەد، موراد حەکیم، (۲۰۰٤) ئاکامە کۆمەڵایەتی یەکانی سیاسەتی راگواستنی گەلی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.

**14**–چاوپێکەوتن لەگەڵ (د. محمد شوانی) خەڵکی گوندی سمایل بەگی لە رێکەوتی 2019/3/24.

15-MEW, (1993), Genocide in Iraq, opcit .

**16**– تاڵەبانی ، عەدالەت، (۱۹۹۹)، ئەنفال و نهێنییەکانی، چاپخانە نییە، هەولێر.

**17**– مصطفى، مهابات محمد جميل، (۲۰۱۲)، دور العوامل الجغرافيه فى الانتاج الزراعى فى قضاء چمچمال و سبل تنمية، رسالة ماجستير مقدمة الي كلية الاداب، جامعة صلاح الدين– اربيل.

**18**– عەزیز، رۆستەم سەلام، (۲۰۰٦)، دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندییەکان لە قەزای کۆیەو کاریگەری لەسەرکرداری گەشەپێدانی،نامەی ماستەر پێشکەش بە بەشی جوگرافیای زانکۆی کۆیە.

**19**– مفتی زادە، سیامەندی(۱۹۹۹)،جینۆساید لە عێراقدا، پەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد،چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی.

**20**– الجمهورية العراقية، وزارة الزراعة، (۱۹۸۷)، مديريتي الزراعة في محافظتي اربيل و كركوك، قسم التخطيط و المتابعة، بيانات غير منشورة.

**21**– توێژەربە بەکارهێنانی سستمی زانیارییە جوگرافییەکان GIS، بەرنامەی Arc gis,v10.3.

**22**– مصطفى، مهابات محمد جميل، (۲۰۱۲)، سەرچاوەی پێشوو.

**23**– عەزیز، رۆستەم سەلام، (۲۰۰٦)، سەرچاوەی پێشوو.

**24**- سەلیم، هیوا صادق (۲۰۰٦) جوگرافیای دانیشتوانی قەزای کۆیە (۱۹۵۷–۱۹۹۰)، مطبعة دار الشؤون الثقافية، بغداد.

**25**- عومەر، لوقمان وسو،(۲۰۰۹)، بنەماکانی جوگرافیای گەشت وگوزار بە پراکتیزەکردنی لە قەزای کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

**26**– چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین (مام نجم الدین)، خەڵکی گوندی قزلیجە، دانیشتووی شاری هەولێر، ۲۰۱۹/۲/۲.

## الخلاصة

تعد جريمة الانفال أحد أخطر و أبشع العمليات الابادة الجماعية التي مارستها الحكومة الدكتاتورية البعثية في العراق اتجاه شعبها البريء، الا وهو الشعب الكوردي في الثمانينات من قرن العشرين. و ظهرت ابعادها و اثارها السلبية في الماضي لحد يومنا هذا ، في حين تظهر بعض ابعادها مستقبلا على المجتمع الكوردي في الجوانب الجغرافية و البيئية والاجتماعية و النفسية.

جدير بالذكر ان هذه الجريمة النكراء تم اجراءها باساليب مختلفة في اوقات الحرب و السلام من قبل الحكومات العراقية ضد الشعب الكوردي . لذا ابعادها السلبية بقت كجرح بليغ و عميق في جسد الشعب الكوردي وتنقط الدماء بشكل مستمر، و تزداد شدتها عندما نرى الذين شاركوا في هذه العملية الهوجاء لم يحاكموا بل هم طلقاء.

**عملية الانفال الرابعة هي موضوع بحثي، وهي تلك العملية التي بدأت في (4–1988/5/3) ، واستغرقت خمسة أيام ضد الشعب الكورد ي الساكنين في قرى و النواحي، كالوحدات الادارية لأقضية جمجمال و مركزكركوك و دوبز التابعة لمحافظة كركوك . و الوحدات الادارية لقضاء كوية التابعة لمحافظة أربيل،إضافة الى جزء من قضاء دوكان ،و بذلك بلغت الكلية حوالي (3985كم2)، في حين المساحة التي تم تدميرها و حرقها مباشرة أثناء العملية بلغت حوالي (2548كم2)، علماً بأن (267) قرية وقعت ضمن حدود العملية المشؤمة وتم تدميرها و حرقها و تهجير سكانها، في حين بلغت عدد القرى المأنفلة أثناء العملية (127) قرية، و ضربت قريتي (طوَثتةثة و عةسكةر) بالقنبلة الكيمائية و استشهد من خلالها (100) ابرياء و اصابت (220) اخرون ، في حين بلغت عدد الشهداء و المأنفلين (4168) شخص من سكان المنطقة.**

GEOGRAPHICAL DIMENSIONS OF GENOCIDE OPERATIONS OF THE KURDS PEOPLE (THE FOURTH ANFAL AS A MODEL)

HASHIM YASEEN HAMAD AMIN
Dept. of Geography, College of Art, University of Sallahadin, Kurdistan Region – Iraq

ABSTRACT

The Anfal is one of the most dangerous and horrific acts of genocide committed by the Baathist dictatorship in Iraq towards its innocent people, the Kurdish people of the 1980s. And the dimensions and negative effects in the past to this day, while showing some of the dimensions of the future on the Kurdish society in the geographical, environmental, social and psychological.

It should be noted that this terrible crime was conducted in different ways in times of war and peace by the Iraqi governments against the Kurdish people. Therefore, its negative dimensions have remained as a deep and deep wound in the body of the Kurdish people and the bloodshed is constantly increasing, and its intensity increases when we see those who participated in this violent operation were not tried, but they are at large.

The fourth Anfal operation is a research topic, which began on 4-3/5/1988 and lasted for five days against the Kurdish people living in villages and township, such as the administrative units of the districts of Chamchamal, Kirkuk and Dobbs, In the Kirkuk province. And the administrative units of the district of Koya in the province of Erbil, in addition to part of the Dokan district, and thus the total number of about (3985 km2), while the area that was destroyed and burned directly during the operation amounted to (2548 km2), knowing that (267) villages fell within the limits of the disastrous process and were destroyed and burned and the displacement of the population, while the number of villages evacuated during the operation (127) villages, and hit the villages (Goptapa and Asskar) chemical bomb and killed through (100) innocent, and (220) others were poisoned, while the number of martyrs and Anfalin (4168) residents of the region.

*KEYWORDS:* Geographic Dimensions, Anfal, Genocide.

**خشتەی (١)** هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی شوێن ودانیشتوانی ئەنفالی چوار.

| یەکەی کارگێڕی | ژمارەی گوند | | | ژمارەی خانوو | ژمارەی دانیشتوان١٩٨٧ | ژمارەی ئەنفالکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەنفالکراو | چۆڵکراو | ژ.گوند | | | |
| سەنتەری چەمچەماڵ+خەلەکان | ٩ | ١٢ | ٢١ | ٤٢١ | ٢٠٣٨ | ١٤٢ |
| ئاغجەلەر | ٤٢ | ٦ | ٤٨ | ١٥٥٤ | ٦٢٦٧ | ٢٧٩٩ |
| شوان+پردێ | ٣٠ | ٢٧ | ٥٧ | ١٣٧٤ | ٣٨٠٢ | ٣٨٦ |
| سەنتەری کۆیە+ ئاشتی | ٣٠ | ٣٨ | ٦٨ | ١٨٦٣ | ٤٠٧٤٧ | ٦٤٢ |
| تەقتەق | ١٦ | ١٥ | ٣١ | ٧٩١ | ١٩٦٣٨ | ١٩٩ |
| شۆڕش | - | ٤٢ | ٤٢ | ٣٨٤ | ٩٨٣٦ | - |
| سەرجەم | ١٢٧ | ١٤٠ | ٢٦٧ | ٦٣٨٧ | ٨٢٣٢٨ | ٤١٦٨ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە.**

**١-مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان،چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠١١، لا٢٢١-٢٢٥.**

**٢- الجمهورية العراقية، وزارة الزراعة، مديريتي زراعة كركوك واربيل، ١٩٨٧، بيانات غير منشوره.**

**خشەی (٢)** ژێرخانی ئابووری ناوچەکانی ئەنفالی چوار.

| شوێن | قوتابخانەی سەرەتایی | قوتابخانەی ناوەندی | مزگەوت | پرۆژەی ئاو+کانی | بنکەی تەندروستی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەشی کەرکووک | ٦٢ | ٧ | ٧٨ | ٨١ | ٩ |
| بەشی هەولێر | ٤٣ | ٤ | ٤٥ | ٤٦ | ٦ |
| سەرجەم | ١٠٥ | ١١ | ١٢٣ | ١٢٧ | ١٥ |

سەرچاوە:١- عەزیز، ڕۆستەم سەلام، دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندییەکان لە قەزای کۆیە، ماستەر نامە ،٢٠٠٦، پاشکۆی(٣)،لا١٣٠-١٣٧).

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین(مام نجم الدين)، خەڵکی گوندی قزلیجە ، دانیشتووی شاری هەولێر،٢٠١٩/٢/٢ .

**خشتەی(٣) تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە/سەدی وبڕی بارانی ساڵانە/ملم لە وێستگەکانی ناوچەکە لە نێوان ساڵانی( ١٩٧٥ – ٢٠١٠).**

| | کەرکووک ٣٣١م | چەمچەماڵ ٧٠٨م | بازیان ٨٣٠م | تەقتەق ٥٦٧م | کۆیە ٦١٠م |
|---|---|---|---|---|---|
| **تێکڕای پلەی گەرمای ساڵانە/سەدی** | 23.1 | 19.6 | 17.2 | 21.7 | 20.5 |
| **تێکڕای بڕی بارانی ساڵانە/ملم** | 346 | 451.7 | 684.7 | 479.4 | 670.5 |

سەرچاوە: ١–عومەر،لوقمان وسو، بنەماكانی جوگرافیای گەشت وگوزار، چاپخانەی شەهاب،هەولێر ٢٠٠٩.لا١٠٩.

٢–سەلیم، هیوا صادق،جوگرافیای دانیشتوانی قەزای كۆیە(١٩٥٧–٢٠٠٢)، مگبعە دار الشؤون الپقافیە، بغداد،٢٠٠٦.لا١٦٧.

**٣–مصطفي،مهابات محمد جميل،دور العوامل الجغرافيه فى الانتاج الزراعى فى قچاو چمچمال وسبل تنميته،رساله ماجستير مقدمه الى كليه الاداب، جامعه صلاح الدين/اربيل،٢٠١٢،لا٢٦.**

## پاشكۆ

**ناوی ئەو گوندانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی چوارو راگوێزران كەوتوون(٣-٨مایسی ١٩٨٨)**
**قەزای كۆیە**

| ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قازی بەگیان | 19 | ساتوو قەڵا | 36 | باخە جنێر | 54 | كانی بی |
| 2 | كانی سوور | 20 | دۆندار | 37 | ئاوە دەلۆك | 55 | بانە گوڵان |
| 3 | ئالیا سوور | 20 | پەلكانە | 38 | ئیلاالله | 56 | كانی رەش |
| 4 | مەخرەس | 21 | باخەوان | 39 | مەلازیاد | 57 | كڵێسە |
| 5 | حاجی قەڵا | 22 | ناسر ئاغا | 40 | شاخە پیسكە | 58 | ناوەندی تەق تەق |
| 6 | تەكەلتول | 23 | كونە گورگ | 41 | قۆرە بەرازە | 59 | فەقێیان |
| 7 | گەرمك | 24 | كێلە زیندان | 42 | بازئاغا | 60 | دوو شێوان |
| 8 | عەوداڵان | 25 | كۆمە گومەت | 43 | قەرە سالم | 61 | كەپەنك |
| 9 | كارێزە | 26 | ئۆمەرمەندان | 44 | كانی سلێمان | 62 | شێلە |
| 10 | ئاسكی كۆیە | 27 | سماقولی | 45 | كافرۆشان | 63 | سێ كانی |
| 11 | ئاوماڵ | 28 | كلكە سماق | 46 | شێخ ئەڵوەن | 64 | یارمچە |
| 12 | ئیلینجاخ | 29 | كانی هەنجیر | 47 | ئێرە گین | 65 | كفرە دۆڵ |
| 13 | تاڵەبان | 30 | عەلەیان | 48 | خەرابە | 66 | سێگردكان |
| 14 | شێواشان | 31 | سێگردكان | 49 | سوورە قەڵا | 67 | گرتك |
| 15 | شەوگێڕ | 32 | گۆمەشین | 50 | تیمدرۆك | 68 | قامیشە |
| 16 | سینان | 33 | كاولان | 51 | قزلوو | 69 | نازەنین |
| 17 | سێوەسەن | 34 | كانی كوردە | 52 | داربەسەری بچوك | 70 | وەرزان |
| 18 | هەواران | 35 | ستارك | 53 | بووگد | 71 | قازی بەگیان |
| | | | | | | 72 | بەموردكان |

**ناحیەی ئاغجەلەر**

| ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قەسرۆك | 13 | قودرەتە | 25 | گەورەدێ | 37 | تلیان |
| 2 | كانی هەنجیر | 14 | باوە خەتێ | 26 | ئەسكەندەر بەگ | 38 | شێخ وەیس |
| 3 | دارە گەڕە | 15 | قەڵاچۆخە | 27 | مامڵێش | 39 | مۆر خۆرە |
| 4 | شێخان | 16 | سوتەكە | 28 | پەلكە رەش | 40 | چیاو سەوز |
| 5 | سەرچنار | 17 | گەورەدێ | 29 | كۆزە بۆرە | 41 | شێخ پاڵەوان |
| 6 | بۆڵقامیش | 18 | مێرگەپان | 30 | دێلێژە | 42 | داڵاوی كوردان |
| 7 | توركمان باخ | 19 | ئاوبارە | 31 | هەی دەربەن | 43 | داڵاوی رووقە |
| 8 | بلوكێن | 20 | تووتەقەل | 32 | تەپەكەلی گەورە | 44 | قۆجە لەر |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 9 | جەلەمۆرد | 21 | گڵنجاخ | 33 | تەپەکەلی بچووك | 45 | مەیلە |
| 10 | دەرماناو | 22 | گەڕاو | 34 | چۆغلیجە | 46 | داوە قووتە |
| 11 | تورکە | 23 | عەسکەر | 35 | بێدەر | 47 | گرد خەبەر |
| 12 | پامیش | 24 | حەیدەربەگ | 36 | گرگر | 48 | گۆپتەپە |

**ناحیەی شوان(رێدار)**

| ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند | ژ | ناوی گوند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تۆراخ | 13 | گوڵم کەوە | 25 | کاولە سوور | 37 | ناسر |
| 2 | سماقە | 14 | حەسار | 26 | بەختەخان | 38 | ساتی |
| 3 | کلاو قووت | 15 | پەڵکانە | 27 | پیر یجان | 39 | سورەدێ |
| 4 | دارا ئەختیار | 16 | هۆمەرمەندان | 28 | دوبزنی | 40 | نارۆجە |
| 5 | قەرەناو | 17 | پیرلەك | 29 | خان گەشە | 41 | دارە سۆفی |
| 6 | قولی بەگ | 18 | تورکە | 30 | ئاوباریك | 42 | گورگەی سەرخاسە |
| 7 | تەرەقە | 19 | ناوەندی شوان | 31 | عەلی بەیان | 43 | گورگە |
| 8 | شەوگێڕ | 20 | ئیبراهیم زانا | 32 | قزڵجە | 44 | ساڵەیی |
| 9 | ئۆمەربەگ | 21 | تووڵکی | 33 | فەقێ میرزا | 45 | تەپە کوڕە |
| 10 | گورزەنین | 22 | قادر زەم | 34 | چەگیلە | 46 | قودرەتە |
| 11 | گۆکچە | 23 | پرقە | 35 | قەفار | 47 | کەپەتك |
| 12 | دەلۆ | 24 | دەرماناو | 36 | مام رەش | 48 | سمایل بەگیان |

**تێبینی//** لەبەر دەست نەکەوتنی داتا وزانیاری تەواو لەسەر گوندەکانی هەردوو ناحیەی دێگەڵە وپردێ ئاماژەمان پێنەکردووە.

ئاماری گشتی شەهید و ئەنفالکراوانی قۆناغی چوارەمی ئەنفال

| ناوچەی ئەنفال کراو | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | ژمارەی ئەنفال کراوان |
|---|---|---|---|
| قەلاسێوکە + ئاغجەلەر | 762 | 287 | 1049 |
| دۆڵی سورداش + دوکان | 116 | 26 | 142 |
| شـــوان | 309 | 76 | 385 |
| شێخ بزێنی سەروو | 977 | 681 | 1658 |
| شێخ بزێنی خواروو | 59 | 33 | 92 |
| تەق تەق و دەوروبەری | 153 | 46 | 199 |
| کۆیە و دەوروبەری | 478 | 164 | 642 |
| کـــۆی گشتی ئەنفال کراوان | 2854 | 1313 | 4167 |

**سەرچاوە:** شاخی مەلا،(٢٠٠١)، ئەنفالی خاڵخالان، چاپی یەکەم،چاپخانەی داناز، سلێمانی، لا٢٢١-٢٢٥.